وای لە منیٚ غەریب حاڵیٚ..

بۆ ئەوپەرلەمانتێرانەی لە دەرەوەی بازنەن!!

نوری بێخاڵی

وەك چۆن بە ناوی تەوافوق لەو عیراقەی دوای بەعسدا کلاو نرایە سەری دیموکراسی، خەریکە هەر ئەو تەوافوقە و خۆشباوەڕییەی کوردیش سەری خۆی دەخوات لە بەغدا، ئیٚ قەت دەکریٚ بۆ هەر پێشهاتێك سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی کوردستان تەشریف ببەنە بەغدا، نەبادا برای (عەرەبی چاوڕەشمان!) کلاو بنێنە سەرمان، ئەگەر وایە ئەو هەموو بابا وەزیر و گزیر و پەرلەمانتێرە کوردانەی بەغدا لەویٚ ئیشیان چییە؟!

من نازانم چەند پەرلەمانتێری کورد لە بەغدا عەرەبی دەزانن، بەڵام لەوە دڵنیام نزیك بە بیست کەسیان تا ئەو چرکەیە بە جنێودانیش بە کورد متەقیان لێوە نەهاتووە و فزەیان نەکردووە، جگە لەوەی برادەری پەرلەمانتێرمان هەیە، کە کاتی دەوامی دێتەوە خۆی دەدزێتەوە و دەچێتە شارۆچکەیەکی دەوروبەری هەولێر و پیلی مۆبایلەکەی دەردێنیٚ و لە بازنەی حکومەت و گەل دەچێتە دەرەوە، تا تەشریفی مووچە و نەسریە و دەرماڵە و تەدارەکی سەری مانگ دێت، ئیدی جلیتێك دەکاتە بەغدا و گیرفانی گەرم دەکات و دەگەڕێتەوە، هەشیانە گامێشی دۆزی کورد لەو مینبەرە نابینیٚ و لەسەر مێشوولەیەك بە عەرەبیەکی سەقەت دونیا دێنێتەوە یەك، بڕێکی تریشیان هەر خەریکی بازرگانی و خۆپڕکردن و دامەزراندنی کۆمپانیان، تاك و تەرایەکیشیان جار جارە غیرەت دەیانگریٚ و تیرێکی تێدەوەشێنن، بەڵام بە هەموو ئەوانەشەوە ناکریٚ گەشبین بین بەوەی کورد لە بەغدا نوێنەری هەیە، ئاخر چۆن سوارێك لەناو ئەو هەموو عەگالە تۆز دەکات؟!

ئیٚ جێگری سەرۆکی وەزیرانیش کە کوردە خوا ماڵی ئاوا بکات، لای ئاساییە حکومەتی عیراقی شیعەی عروبەوی دەزگای هەواڵگری و ئەمن و ئیستیخباراتی هەبێت، بەڵام بە خودی میللەت و حکومەتی خۆی رەوا نابینیٚ، لەناو ئەو بگرە و بەردەی مەترسی دەستدرێژی هەرێمایەتی و شاڵاوی گروپە تیرۆریستییە عەرەبی و کوردییەکان (کە ناوە ناوە شار و شارۆچکەیەکی کوردستان نقومی خوێن دەکەن) دەزگایەکی هەواڵگری هەبێت!

خەریکە لەسای ئەو هەموو نوێنەرەی کورد بەدوایی ماددەی (140) سەد و چل وەك میزی حوشتر دەکشێتە دواوە و زۆری نەماوە فاتیحا بۆ رۆحی پاکی ناوچە دابڕاو تەعریبکراوەکان بخوێنین، کەچی هەر لەو ئاستانەیەدا دوا نوکتەی پەرلەمانتێرانی کورد لە بەغدا ئەوەیە، کە شازی کلاویان نراوەتە سەر، بە تایبەتی لە داڕشتن و گفتوگۆکردنی یاسای نەوت، ئەوەتا حکومەتی عیراقی دەستنووسی یاسایەکی نیشانی ریش سپی و چاوساغانی کورد داوە و لە دانیشتنی فەرمی پەرلەمانیشدا گفتوگۆ لەسەر رەشنووس و یاساگەلێکی دیکەی جیاواز لەو کراوە، بەمەش گۆمی مەلەکەیان قوڵتر کردووە، کە بەو حاڵە بێت و بەتەمای ئەو برادەرانە بێت، کورد لەو گۆمە نەك چوپ، زەحمەتە غەواسەش فریای بکەویٚ تا نەخنکیٚ!!

بەهەرحاڵ دوور نییە تەها جەزراوی و تەها محێدین مەعروف و عیسمەت کەتتانی لەو بەغدایە چەندیان بۆ خێری کورد گوت و کرد، ئەو برادەرانەش هەر هێندە بتوانن شتێك بە شتێك بکەن، ئاخر ئەگەر ئەوانەی پێشوو پیاوی بەعس بووبن و لە ترسی بەعس بیانووی بێدەنگیان هێنابێتەوە، مرۆ نازانیٚ بێدەنگی و خۆشخەیاڵی و بێئاگایی و لەگوێی گادا خەوتنی ئەو برادەرانەی خۆمان لە پەرلەمانی عیراقی عروبە چ حیکمەتێکی تێدایە، ئیتر مەگەر کورد هەر بۆ خۆی بڵیٚ: وای لە منیٚ غەریب حاڵیٚ!!